# هەڵبژاردنی 2025: جەمسەرگیرییە سوننە و شیعییەکان

**د. یاسین تەها**، پسپۆڕ لە مێژووی ئایینزا ئیسلامییەکان و شارەزا لە کاروباری عێراق

هەڵبژاردنی 11/ 11ی داهاتوو بۆ دیاریکردنی 329 کورسیی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە، بەڵام هەڵمەتەکانی ئەم هەڵبژاردنە جۆرەها بابەت لەخۆ دەگرێت، لەوانەیش: شوناس (ناسنامە)ی حوکمڕانی و پۆستی سەرۆکایەتیی وەزیران و نەخشەی هێز لەنێو حکوومەتی داهاتوودا.

ئەم شرۆڤەیە لەسەر گرنگترین جەمسەرگیرییەکانی هەڵبژاردنەکە و ناوەڕۆکی ڕکابەرییەکانی لیستە سوننی و شیعییەکان هەڵوەستە دەکات.

### تارماییی بارگرژییە هەرێمایەتییەکان لەسەر هەڵبژاردن

زۆربەی هەرە زۆری شەش خول هەڵبژاردنی گشتی پاش 2003 لە عێراق، لە کەشی دڕدۆنگیدا ئەنجام دراون؛ تا نزیکبوونەوەی بەڕێوەچوونیشیان وادەکەیان یەکلایی و بنجبڕ نەبووە. بۆ ئەم هەڵبژاردنەیشی لە ڕێگەیە ( 11/ 11/ 2025)، زۆربەی ئامادەکارییەکان نیمچەئاسایی بەڕێوە دەچن، چونکە باوەڕێکی باو هەیە کە جێگرەوەی هەڵبژاردن، کودەتا و بەریەککەوتنی چەکدارییە و هیچ جێگرەوەیەکی بەردەست بۆ پرۆسەکە نییە. جگە لەوەیش تەنانەت لە دۆخی دژواری جەنگی داعشدا (2014_2018) پێشینەی دواخستن یان پەککخستنی هەڵبژاردنی گشتی لە عێراقدا نەبووە؛ جگە لە ئەنجومەنی پارێزگاکان کە ئەڵقەیەکی بچووکن بەراورد بە پەرلەمان و حکوومەتی فیدراڵیی بەغدا. سەرباری ئەم ئامادەکاری و دڵنیاییانەیش گومان و ئەگەر و مەگەر هەر لەسەر هەڵبژاردنی داهاتوو هەیە؛ لە لایەك بەهۆی گرژییە هەرێمایەتییەکان و ئەگەری سەرهەڵدانەوەی جەنگی ئیسرائیل_ ئێران، لە لایەکی دیکەیشەوە بەهۆی ئەگەری تێوەگلانی عێراق لە گرژی و ناسەقامگیرییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لەم نێوانەیشدا هەندێك لە سیاسییە شیعەکانیش پێیان وایە لە گریمانەیەکدا ئەگەر حەشدی شەعبی بکرێتە ئامانج، ئەوە هەڵبژاردن بەڕێوە ناچێت[1]. ئەگەر ئەم گریمانەیەیش بوو بە واقع، ئەوە هەموو ڕێگەکان هەر دەچنەوە سەر سوودانی، سەرۆکوەزیرانی ئێستا، چونکە ئەوکات پێکهێنانی حکوومەتی باری نائاسایی یان درێژکردنەوەی تەمەنی ئەم حکوومەتەی کە ناوبراو سەرۆکایەتیی دەکات، دەبێتە ناچاری.

### نێوەڕۆکی بانگەشە پێشوەختەکان

هەڵمەتە پێشوەختەکانی هەڵبژاردنی 11/ 11 زۆر بەر لە وادەی دیاریکراوی خۆی_ کە مانگێکە_ دەستیان پێ کردووە. جیاواز لە هەندێك لە خولەکانی پێشوو کە ڕێژەیەك لە نیشتمانپەروەریتیی عێراقی یان پێکهێنانی لیست و فراکسیۆنی فرەچەشن باو و مۆد بوو، نێوەڕۆکی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی ئەم جارە، زیاتر لەژێر کاریگەریی تائیفەگەری و ناوچەگەریدایە.

سوننەکان بە پاڵنەری گۆڕانکارییە جیۆ_ سیاسییەکانی سووریا باس لە گێڕانەوەی پێگە و ڕۆڵی خۆیان لە عێراقدا دەکەن. خۆشبینی و سەقفی داواکاریشیان پاش پاشەکشەی نفووزی ئێرانی لەناوچەکە، گەیشتووەتە ڕاددەی تەماحکردنە پۆستی سەرۆکوەزیران یان جورئەتکردنی باسکردنی ئەگەری گێڕانەوەی بۆ پێکهاتەکەیان[2]. هەندێك لە سیاسییە سوننەکانی لە چەشنی "خەمیس خەنجەر"یش بۆ بەرپەرچدانەوەی گوتاری مەزهەبییانەی شیعە لە گەشت و گەڕانەکانیاندا لەناوچە سوننەکان، شاڵی "ئێمە نەوەی هاوەڵانین" لەسەر شانیان دادەنێن[3].

بەرامبەر بەمانیش شیعەکان بەچڕی و بە جۆرەها هەڕەشە جەخت لە پاراستنی فەرمانڕوایی شیعە و بەهێزکردنی لە عێراقدا دەکەنەوە؛ جاری وایشە لە پەرچەکرداردا داوای کۆتاییهێنان بە ڕازیکردن و دڵڕاگرتنی پێکهاتەکانی دیکە (کورد و سوننە) دەکەن، بەو پێیەی شیعە زۆرینەی ڕەهان لە عێراقدا. هەر لە چوارچێوەی ئەم بەتائیفیکردنەی هەڵبژاردندا وتاربێژی نوێژی جومعەی نەجەف، "سەدرەدین قوبانچی"، باسی لەوە کردووە هەڵبژاردنەکە لەوە دەرچووە پرۆسەیەکی سیاسی بێت، بەڵکە بۆ شیعەکان هۆیەکی گرنگە بۆ پاراستنی ئایین و مەزهەب[4].

بانگەشەکەی هەردوو لاش ئەگەرچی بەڕواڵەت سەرنجڕاکێشن بۆ ختووکەدانی هەستی دەنگدەران و بنکەکانی خوارەوەیان، بەڵام لەگەڵ پێدراوە سیاسی و هەرێمایەتی و نەخشە سیاسییە چەقبەستووەکانی عێراقی پاش 2003دا نایەنەوە؛ چونکە جگە لەوەی شێوازی حوکمڕانی و نەخشەی سیاسیی عێراق تەنیا بڕیارێکی نێوخۆیی نییە، تانوپۆی سیستەمە سیاسییەکەیشی لەسەر هاوپشکی و جۆرێك لە سازان بنەڕەتە؛ دەستوور و یاسا نوێیەکانیشی هەر بەو ئاراستەیە داڕێژراون، ئەگەرچی هەندێك جار وەك خۆیان جێبەجێ و پیادە ناکرێن.

**فۆبیای "کاندیدە بەعسییەکان"**

لە ئامادەکارییەکانی هەڵبژاردنی ئەم جارەدا بەهۆی وردبینی و زیادکردنی بەندوباوەکانەوە، پەسەندکردنی لیستی کاندیدەکان زۆر دوا خرا، چونکە هەڵمەتێکی گەورەی هۆشداریدان لە ئەگەری گەڕانەوەی بەعس بۆ ناو پەرلەمان ڕووبەڕووی کۆمیسیۆن بووەوە. لە پێداچوونەوەکانی کۆمیسیۆندا 700 پاڵێوراو خرانە ژێر زەڕەبین و ئەگەری دوورخستنەوە؛ هەندێك لەوانەیش کەسایەتیی دیار و ناسراو یان پەرلەمانتاری پێشوو یان پارێزگار و بەڕێوەبەری باڵا بوون. ئەمەیش وای کرد پەسەندکردنی لیستی کۆتاییی کاندیدەکان دوا بکەوێت، لە کاتێکدا لە دوا هەڵبژاردنی گشتیدا (2021)، سێ مانگ بەر لە ڕۆژی دەنگدان لیستی کۆتایی بڵاو کرایەوە[5].

کۆمیسیۆن و دەستەی دادگەری، 335 کەسیان بە تۆمەتی بەعسیبوون و بەپێی یاسای ژمارە 10ی 2008 بە شێوەیەکی بەرایی دوور خستەوە، چونکە ساغ بووەتەوە لە حزبی بەعس یان دەزگە ئەمنییەکانیدا پلەی باڵایان هەبووە[6]. هەرچەندە ئەوانە مافی پەڵپگرتن و تانەیان هەیە و دوورخستنەوەکەیان بە پاساوی یاساییە، بەڵام زۆر ئەستەمە متمانەی ئەوە دروست بکرێت کە پرۆسەکە پیشەیی و یاسایی و بێلایەنانەیە؛ بەتایبەت پاش ئەوەی حەیدەر عەبادی، سەرکردە لە چوارچێوەی شیعی، دانی بەوەدا نا کە بەرتیلدان و پارەوەرگرتن و هەراسانکردن و "ڕکابەریی ناشەریفانە" لە کاری دەستەی دادگەری و دوورخستنەوەی کاندیدەکاندا هەیە[7].

گەورەکردنی مەترسیی گەڕانەوەی بەعسییەکان، کە زیاتر لەنێو شیعەکاندا بڵاوە، بەر سوپرایزێکی گەورە کەوت، کاتێك ئاشکرا بوو زیاتر لە نیوەی دوورخراوەکان لەنێو لیستە شیعەکان خۆیاندان. لەم نێوانەیشدا بەپێی بەڵگەنامە بەردەستەکان تێکڕای لیستە شیعەکان 151 پاڵێوراوی دوورخراوەی پلەبەرزی بەعسییان بەرکەوتووە، بەرامبەر 141 پاڵێوراوی لیستە سوننەکان و 13 پاڵێوراوی لیستە کوردییەکان لەگەڵ تەنیا 6 پاڵێوراوی کەمایەتییەکان. ئەو لیستە شیعانەیشی پاڵێوراوی بەعسییان پێشکەشی کۆمیسیۆن کردبوو، بریتین لە: دەوڵەتی یاسای مالیکی (8 پاڵێوراو)، بەدر (28 پاڵێوراو)، "سادیقون"ی عەسائیب (16 پاڵێوراو)، ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی (11 پاڵێوراو)؛ ئەم پاڵاوتنەی بەعسییە کۆنەکان تەنانەت لیستەکەی کەتیبەکانی حزبوڵلایشی لێ بەدەر نەبووە (11 کاندید)، لەگەڵ کۆمەڵێکی دیکە لە لیستی گرووپە چەکدارەکانی شیعە کە خۆیان بە پارێزەری ڕاڕەوی شیعییانەی حوکمڕانی دەزانن[8].

**جووڵاندنی دۆسیەی هێزە چەکدارە شیعەکان**

تۆڕێکی پارێزەر و چالاکی عێراقی دژی 12 هێزی سیاسیی شیعە کە باڵی چەکداریان هەیە سکاڵایەکیان جووڵاند. ئەوانەی ئەم سکاڵایان پێشکەش کردووە باس لەوە دەکەن ئەو هێزە شیعانەی لە هەڵبژاردندا بەشدار دەبن، دژی پرەنسیپی هاووڵاتیبوون کار دەکەن (تائیفین)، کاری ئەمنی و سیاسی و چەکداری پێکەوە گرێ دەدەن، دەست دەخەنە نێو کاروباری سووریا و یەمەن و لوبنانەوە، ئایین بۆ مرازی سیاسی بەکار دەهێنن، کاری بازرگانی یاساغ دەکەن و سەرچاوەی داهاتی هەڵمەتەکانیشیان دارایی گشتییە[9].

ئەو لیستە شیعانەی سکاڵایان ئاراستە کرابوو تێکەڵەیەك بوون لە: بەدر، عەسائیب، کەتیبەکانی ئیمام عەلی، کەتیبەکانی سەییدولشوهەدا، بابلیۆن، لەگەڵ حەوت ڕێکخراوی دیکەی شیعە. بنەمای سکاڵاکەیش ماددەی 9ی دەستوور و ماددەکانی 8 و 47ی یاسای حزبەکانی ساڵی 2015یە کە هەبوونی میلشیا و باڵی سەربازی لە هێزە سیاسییەکان قەدەغە دەکات و ماددەی 47ی یاسای حزبەکانیش ئەو هێزانە هەڵدەوەشێنێتەوە کە باڵی چەکدارییان هەیە. سکاڵاکەیش لە کۆمیسیۆن و لە دادگەی فیدراڵیش تۆمار کرا[10]، بەڵام ئەنجامەکان وەك ئەوە نەبوون کە یاساکان و سکاڵاکاران دەیانخواست و، تەنیا وەك هەوڵ و بیرخستنەوە مایەوە.

**نەخشەی سیاسیی کێبڕکێکانی هەڵبژاردن:**

**1_ هاوپەیمانییە سوننەکان:**

لە جوگرافیای ناوچە سوننەنشینەکاندا، نەخشەی هێزە سوننەکان لە دەوری سێ سەرکردەی دیار چەق دەبەستن: محەمەد حەلبووسی، موسەننا سامەڕایی، خەمیس خەنجەر. سەرچاوەی هێزی ئەم سەرکردە دەرکەوتووانەی عەرەبی سوننە، پانتایی سوننی، قووڵایی هەرێمایەتی و جۆری جەماوەرەکەیشیان جیاوازە. کارەکتەری حەلبووسی، لە پەرلەمانتاری، پاشان پارێزگاریی ئەنبار و دواتریش سەرۆکایەتیی پەرلەمانەوە هەڵکشاوە. بەڵام موسەننا سامەڕایی هەر پەرلەمانتار بووە. خەمیس خەنجەریش هیچ پۆستێکی پەرلەمانی و حکوومیی وەرنەگرتووە، بەڵام یەکێکە لە دەموچاوە دەرکەوتووەکانی عەرەبی سوننە. هەمیشەیش ڕووبەڕووی تانە و بێزاریی شیعەکان دەبێتەوە چونکە لێدوان و هەڵوێستەکانی زبر و رووشکێنن. وەك بریکاری تورکیا و قەتەریش لە گۆڕەپانی سوننیدا تەماشا دەکرێت چونکە پەیوەندیی لەگەڵ ئەو میحوەرە زۆر باشە. لیستەکانی ئەم سێ ڕێبەرە سوننەیەیش ئەمانەی خوارەوەن:

**هاوپەیمانیی تەقەدوم:** بنکەی سەرەکیی ئەم هاوپەیمانییە "ئەنبار"ە و هەوێنەکەیشی حزبی تەقەدومی "محەمەد حەلبووسی"یە. لەپاش 2020 و لە سایەی هەژموون و کاریگەریی سەرۆکی پێشووی پەرلەماندا دەرکەوتووە، بەڵام لە 22ی ئایاری 2025 وەك هاوپەیمانی لە کۆمیسیۆن تۆمار کراوە. بەرەی حەلبووسی خاوەن ئایدیۆلۆژیا و هێڵێکی سیاسیی جێگیر نییە، بە خێراییەکی زۆریش لەناوچە سوننەکاندا پەلی هاوێشتووە. بەشێکی زۆر لە پشکی ئەم پێکهاتەیەیشی لە پۆستە حکوومییەکاندا بەرکەوتووە، چونکە زۆرترین کورسییەکانی سوننەی لە 2021دا بردەوە: 37 کورسی لە کۆی دەوروبەری ئەو 70 کورسییەی کە پشکی ناوچە و بازنە سوننەنشینەکانە. لەناو هاوپەیمانییەکەیشدا جگە لە حزبەکەی حەلبووسی، چەند کەسایەتی و وردەڕێکخراوێکی دیکەی سوننە هەن؛ گوتاری سەرجەمیشیان زیاتر بەرگریکردنە لە پێکهاتەی سوننە و نوێنەرایەتکردنیان و ئاوەدانکردنەوەی ناوچە ڕووخاوەکانیان بەهۆی جەنگی داعشەوە. ئەم هاوپەیمانییە زیاتریش وەبەرهێنان لە شکستەکانی پێش قۆناغی دەرکەوتنی دەکات کە تێیدا ناوچە سوننەکان گیرۆدەی تائیفەگەری و تیرۆر بوون، بەڵام بە هاتنی ئەوان ڕێژەیەك لە ئاوەدانی و ئۆقرەیی لەو ناوچانەدا بەرقەرار بووە. پەیوەندیی حەلبووسی لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە هەڵبەز و دابەزدایە؛ بەهۆی ئەوەیشی هێڵێکی ئایدیۆلۆژی و سیاسیی دیاریکراوی نییە، بەپێی قۆناغ هەڵوێستەکانی لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندییە سیاسییەکانی، گۆڕانکاریی بەسەردا دێت.

**هاوپەیمانیی سیادە:** ناوی ئەم هاوپەیمانییە ئاماژەیە بۆ سەربەخۆیی و سەروەری؛ بە کەسایەتیی خەمیس خەنجەریشەوە پەیوەستە. ناوبراو جگە لە کاری سیاسی، لە کایەی بزنس و کاری خێرخوازی و کۆمەڵایەتییشدا ئامادەیی و ناوی دیاری هەیە. لە دەرەوەی عێراق پەیوەندیی لەگەڵ تورکیا و قەتەر و سووریای ئەحمەد شەرعدا بەهێزە و بەشێکە لەو بلۆکە سوننییە هەرێمایەتییە. بەشێك لە چالاکی و دەرکەوتنەکانیشی لە هەرێمی کوردستانەوە بووە- لەناو ئاوارە عەرەبەکان و سنوورەکانی نەینەوا. خەمیس خەنجەر سەرەتا لەگەڵ هەندێك جەمسەری دیکەی سوننەدا پێکەوە هاوپەیمان بوون، لەوانەیش موسەننا سامەڕایی؛ بەڵام دواتر لێکترازان پەرتی کردوون و لە هەڵبژاردنی 2023دا بە ناوی "سیادە" بەشداریی هەڵبژاردنیان کردووە. بەهۆی ئەوەیشی خەمیس خەنجەر سکاڵا و تانەی زۆری لەسەرە و بە بەعسیبوون و تائیفیبوون تۆمەتبار دەکرێت، لە سەرکردایەتیی ڕاستەخۆی ئەم هاوپەیمانییە و "حزبی سیادە"، دوور کەوتووەتەوە و زیاتر وەك سەرپەرشتیار دەردەکەوێت. لێدوانە توندەکانیشی لەبارەی مافی سوننەکان و کارنامەی شیعەکان بە شێوەیەکی نیمچەبەردەوام مایەی کێشە و دەمەقاڵێیە و لای جەماوەرەکەی زیاتر بەم ستایلە ناسراوەتەوە.

**هاوپەیمانیی عەزم:** گردبوونەوەی چەند پەرلەمانتارێکی سوننەیە لەژێر سەرکردایەتیی موسەننا سامەڕایی کە نوێنەرێکی دەرکەوتووی پارێزگای سەڵاحەددینە. لەم هاوپەیمانییەدا هەندێك وردەڕێکخراو و حزبی ناوچەییی سوننەکان بەشدارن. پێگەی بنەڕەتیشیان ناوچە سوننەنشینەکانی سەڵاحەددین و دەوروبەری بەغدایە. لە هەڵمەتی بانگەشەدا زیاتر بە ناوی "پێکهاتەی سوننە"وە قسەی کردووە، هانی بەغداییەکانی داوە بایکۆت نەکەن و لە هەڵبژاردندا بەشدار بن و، جەخت لەوە دەکاتەوە کێشەی ئەوان داواکاریی خزمەتگوزاری نییە، "بەڵکوو بەشداریکردنە لە بڕیار"[11]. بەهۆی ئەندامێتی لە لیژنەی دارایی و پشکداریی لە گرێبەستەکانی وەزارەتی پەروەردە، تۆمەتی گەندەڵی و قەبەبوونی سامانی لەسەرە. پەیوەندیشی لەگەڵ هێزە شیعەکان تا ڕاددەیەك باشە و کرانەوەیشی بەڕووی هێزە کوردییەکاندا هەیە و سەردانی بۆ هەولێر هەیە.

**کێبڕکێ و شانسی لیستە سوننەکان بە ژمارە**

لە هەڵبژاردنی 2021دا لە زۆربەی پارێزگاکان هاوپەیمانیی تەقەدومی حەلبووسی لەپێش ڕکابەرە سوونەکەیەوە بوو، کە "عەزم"ە و ئەوکات لەگەڵ سیادە یەك هاوپەیمانی بوون، بەتایبەت لە بەغدای پایتەخت (11 کورسی بەرامبەر 7 کورسی)، لە ئەنبار کە پارێزگای حەلبووسییە جیاوازیی تەقەدوم لەگەڵ عەزم هەر زۆر زۆر بوو بە ڕادەی (10 : 1 کورسی)، لە دیالە ئەگەرچی بە دەنگ عەزم لەپێشتر بوو، بەڵام لە کورسیدا بەرامبەر بوون (4:4 کورسی)، لە سەڵاحەددینیش کە بنکەی سەرەکیی عەزمە، سەرباری ئەوەی لە ژمارەی دەنگدا عەزم لەپێشتر بوون، لە کورسیدا تەقەدوم زیاتر بوو (2: 1 کورسی)، لە نەینەواش بە جیاوازییەکی زۆر تەقەدوم، عەزمی بەجێ هێشت (8: 1 کورسی)، لە کەرکووك و بابلیش تەقەدوم سەروو کورسییەکی برد بەرامبەر هیچی عەزم. بەمەیش هاوپەیمانییەکەی حەلبووسی زیاتر لە دوو بەرامبەری عەزم کورسیی بەرکەوت (37: 14)، بە دەنگدانیش 640 هەزار، بەرامبەر 418 هەزار بوون[12].

بۆ هەڵبژاردنی 11/ 11/ 2025 باوەڕ وەها نییە تەقەدوم پارێزگاریی لەم پێشەنگی و پێشڕەوییەی خۆی بکات چونکە لە ئەنجومەنی پارێزگاکانی 2023دا دەنگ و کورسییەکانی عەزم و سیادە کۆ بکرێتەوە، زیاترن لە دەنگەکانی هاوپەیمانیی تەقەدوم، بەتایبەت لە ئەنبار و سەڵاحەددین و نەینەوا؛ بەڵام لە بەغدا و دیالە هەڵکشانێکی سووکی تەقەدوم تۆمار کراوە. ئەم هاوکێشەیەیش ناجێگیری و هەڵکشان و داکشانی بنکەی جەماوەریی ناوچە سوننەکان دەردەخات کە کاریگەرە بە کۆمەڵێك شت، **لەوانەیش: خزمەتگوزاری، ئەدای میدیایی، پارەبەخشینەوە، گوتاری تائیفی و ڕادەی سوودمەندی لە لیستە براوەکان و پێگە و نفووزی حکوومییان[13].**

**2_ سێ جەمسەرە ڕکابەرەکەی شیعە**

**لیست و هاوپەیمانییە شیعەکانی بەشدار لە هەڵبژاردنی 2025** زۆرن و، زیاتر لە هەشت لیستی گەورە و سەرەکی لە ڕکابەریدان لەسەر 180_185 کورسیی تەرخانکراو بۆ ناوچە شیعەنشینەکان. ململانێی ناوخۆی شیعە، جگە لە دابەشکردنەوەی پێگە و نفووز، بە پلەی یەکەم پۆستی سەرۆکایەتیی وەزیرانە؛ گۆڕەپانی کێبڕکێی سەرەکیی لەسەر ئەم پۆستەیش بەغدای پایتەختە. لەم گۆڕەپانەی ڕکابەرییشدا کە نزیك لە 10 ملیۆن دانیشتووانی هەیە، دەوروبەری 70 کورسیی لە پەرلەمانی داهاتووی بۆ تەرخان کراوە (1/ 5ی کورسییەکانی پەرلەمان). کێبڕکێی سەرەکی لەسەر ژمارەی دەنگی سەرۆکی لیستەکانە (سوودانی، مالیکی، نەعیم عەبودی)، بەڵام ئەوانەیان دەشێت زۆرترین کاریگەرییان لەسەر دیاریکردنی شوناسی سەرۆکوەزیرانی پێشوو هەبێت، بە پلەی یەکەم جەمسەرەکانی سوودانی و مالیکییە. لە دەرەوەی ئەوانیش "موقتەدا سەدر"ە کە لە دۆخی بایکۆتکردن و دوورەپەرێزیدایە و دەتوانێت کاریگەریی دیاری هەبێت.

سوودانی کە لیستی تایبەتی هەیە (ئاوەدانی و گەشەپێدان)، بە هەموو ڕێگەیەك هەوڵی دەستگرتن بە پۆستەکەی و مانەوە لە سەرۆکایەتیی وەزیراندا دەدات. لە بەرامبەریشدا هاوپەیمانەکانی ئێستای لە "چوارچێوەی هاوئاهەنگیی شیعە" هەوڵی ڕاگرتن و ناردنی بۆ سەر کورسیی یەدەگ دەدەن. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەیش هەردوو بەرەکە بەگەرمی لە جموجۆڵدان.

یەکێك لەو ڕێگەیانەی سوودانی دەیگرێتە بەر، هەوڵی ڕازیکردنی دەرەوە و واشنتۆنە بە ڕێگەی جۆراوجۆر؛ دواترینی ئەو هەوڵانەیش ئازادکردنی بێبەرامبەری توێژەری ڕووسی_ ئیسرائیلی، "تسورکۆف"ە کە باوەڕ

وایە ئەم پرۆسەیە "سوودانی وەک هاوبەشێکی بەهێزی بکەری نێودەوڵەتی لە دەرەوە وێنا بکات"[14]. سەرباری ئەمەیش هێشتا شانسی سوودانی لە ئاستی دەرەکی و باڵانسی ئەو، لای ئەمریکای سەردەمی ترەمپ، هەر جێگەی گومانە، چونکە داواکارییەکانی بۆ سەردانی واشنتۆن بێوەڵامن و سەردانە دیپلۆماتییەکانی ئەمریکا بۆ بەغدا ئاستنزمن. تەنانەت واشنتۆن باڵیۆزێکی جێگیری لە بەغدا نییە و لە مانگی 11ی پارەوە (2024) هەر هەڵسووڕێنەر کاروباری گەورەترین باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا بەڕێوە دەبات[15].

جگە لە ئەمریکا گۆشەیەکی دیکەی کاریگەر لە یەکلاییکردنەوەی پۆستی سەرۆکوەزیرانی داهاتوو، تارانە، بەڵام لەپاش گۆڕانە جیۆسیاسییەکانی ناوچەکە ڕۆڵ و کاریگەریی ئێران لە دیاریکردنی سەرۆکەوەزیرانی داهاتووی عێراق جێگەی مشتومڕ و گومانە و، هەن پێیان وایە ڕۆڵی ئەوتۆی نابێت. "عەلی ویلایەتی" کە کەسێکی نزیکە لە ڕابەری شۆڕشی ئێرانی، ستایشی ئازایەتیی مالیکی کردووە لە پێشهاتەکانی عێراقدا؛ بۆ هەندێك پێشهاتی دیکەی وەك چەکی حەشدی شەعبی و بارگرژییە هەرێمایەتییەکانی ناوچەکە قسەی لەگەڵیدا کردووە.[16] ئەمەیش دەشێت بە جۆرێك لە گرەوکردن لەسەر کارەکتەری مالیکی لێك ؛ چ خۆی بێت یان ئەو کەسەی ئەو پشتیوانیی دەکات بۆ قۆناغی داهاتوو.

جەمسەری دیکەی کاریگەر لەسەر پۆستی سەرۆکوەزیرانی عێراق، نەجەف و مەرجەعییەتە؛ ئەویش ساڵانێکی زۆرە چووەتە دۆخی بێدەنگی و بەئاشکرا قسە لە پرسە سیاسییەکاندا ناکات و، زیاتر ئەوە گرنگە ڤیتۆی نەبێت نەك پشتیوانی لە کەس بکات بۆ پۆستەکە.

لەسەر ئاستی ناوخۆی شیعە مالیکی باسی لەوە کردووە، سەرۆکایەتیی وەزیران بە زۆریی ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان و دروستکردنی بەرزەپرد بەدەست نایەت. ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەگەری دەنگهێنانی زۆری سوودانی بەبێ ئەوەی بیکاتە سەرۆکوزەزیران. بەرامبەر بەمەیش هادی عامری، سەرۆکی ڕێکخراوی بەدر و "فالح فەیاز"ی سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی وەك پشتیوانی سوودانی دەردەکەون. لە نێوان ئەم جەمسەرانەیشدا قەیس خەزعەلی، سەرۆکی بزووتنەوەی عەسائیب و حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی پێشوو تا ڕاددەیەك لە ناوچەی خۆڵەمێشیدان. هەرچی گرووپە شیعە چەکدارەکانیشە لە ئێستادا بە دۆخی لاوازیدا گوزەر دەکەن[17].

لاوازیی شیعەی چەکدار لە هاوکێشەی ئێستای عێراقدا زیاتر پاش شکستهێنان لە تێپەڕاندنی یاسای خزمەتی حەشدی شەعبی و پۆلێنکردنی چوار گرووپی چەکداری شیعە بۆ لیستی تیرۆری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دەرکەوت. بەمەیش ژمارەی گرووپە شیعەکانی لیستەکەی ئەمریکا، بوو بە شەش گرووپ و هێزی شیعی (بزووتنەوەی عەسائیب، کەتیبەکانی حزبوڵڵا، بزووتنەوەی نوجەبا، کەتیبەکانی ئیمام عەلی، ئەنساروڵڵای ئەوفیا، کەتیبەکانی سەییدولشوهەدا). بە قسەی شارەزایانیش ئەم لیستە نوێیەی ئەمریکا (**FTO**) تەنیا 60 گرووپی تێدایە لە جیهاندا و لە وەزارەتی دەرەوە دانراوە نەك وەزارەتی خەزێنە. ئەم پۆلێنەیش بەئامانجگرتنیان ئاسانتر دەکات چونکە جاران لە عێراق تەنیا قاعیدە، داعش، کەتیبەکانی حزبوڵڵا و بزووتنەوەی عەسائیبی تێدا پۆلێن کراوە و لیستێکی گرنگی پۆلێنکردنی تیرۆرە و، ئەمریکا لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی توندا گرووپ و لایەنی تێدا پۆلێن دەکات.[18]

**مەترسیی شیعەکان لە قۆناغی داهاتوو**

پێکهاتەی شیعە چەند مەترسییەکیان لە قۆناغی داهاتوو هەیە. ئەو مەترسییانەیش دەکرێت لە چەند تەوەرێکدا پوخت بکرێتەوە:

* پۆلێنکردنی شەش لە گرووپە شیعەکان لە لیستی تیرۆردا هەڵبژاردنی داهاتوو دەخاتە بەر مەترسیی جۆراوجۆر، بەتایبەت ئەگەر ئەم گرووپانە دەنگی زۆر بهێنن و بتوانن بەهۆیەوە بچنە نێو جومگەکانی حکوومەت ـ ئەوکات لەگەڵ ئیدارەی ترەمپ و بکەری سیاسیی دەرەکیدا ڕووبەڕوو دەبنەوە.

* بایکۆتی سەدر بۆ هەڵبژاردن ڕەنگە ببێتە هۆی لەدەستدانی هەندێك کورسیی هێزە شیعەکان لە بەرژەوەندیی هێزە سوننەکان، بەتایبەت لە بەغدا. ئەم دەنگانەیش بە ئەگەری زۆر بۆ لیستەکەی حەلبووسی دەچن کە لیستەکەی پێشەنگە لە بەغدا.[19] بەرامبەر بەمەیش هەندێك باس لەوە دەکەن لە 9 پارێزگای عێراق ڕکابەریی کوردی و سوننیی تێدا نییە: بەسرە، عەممارە، نەجەف، کەربەلا، بابل، واست، سەماوە، دیوانیە، ناسریە. دەنگی ئەمانەیش هی شیعەیە و هیچ مەترسییەك لەسەر کورسییەکانی شیعە نییە، بەڵام لە بەغدا ئەگەر سوننە زیاتر بچن بۆ دەنگدان، ئەوە لە 2_4 کورسی ئەگەری هەڵکشانی سوننە هەیە. ئەمەیش لەچاو زۆرینەی شیعە کێشەی گەورە دروست ناکات چونکە ئەوان لە نێوان 180_185 کورسییان هەیە و لە کەمترین حاڵەتدا دەشێت ببنە 180 یان سەرووتر لە کۆی 329. ئەمەیش تەرازوو لارەسەنگ ناکات[20].

* بە شێوەیەکی گشتی مەترسیی بایکۆت، بەتایبەت لەنێو بنکە شیعییەکاندا زاڵە؛ لە لایەك بە کاریگەریی سەدرییەکان، لە لاکەی دی بەهۆی بێزاریی خەڵك لە پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگدان[21]. ئەمەیش شەرعییەتی جەماوەریی شیعەکان لاواز دەکات.

* مەترسییەکی شیعی ـ شیعی هەیە لە جموجۆڵی لەناکاوی سەدر، چونکە ڕاستە ئەو بەشداریی پرۆسەکە ناکات، بەڵام ناکرێت لێیشی دوور بکەوێتەوە. ترسەکەیش لەوەیە سەدر سیستەمێکی دەوێت هاوتا لەگەڵ دیدگەی خۆی، کە لەگەڵ دیدی ئەوانی دیکەدا هاوتا نییە. جووڵەی ئەویش بۆ ئەم ئامانجە هەر کات ڕوو بدات، کاری لیستە شیعەکان تێك دەدات. لە بەینەیشدا دەگوترێت "زۆربەی پەرپرسانی چوارچێوەی شیعی پێشبینیی گەڕانەوەی سەدر دەکەن بۆ گۆڕەپانی سیاسی، بەبێ ئەوەی بزانن دروست لە چ کاتێکدا دەبێت"[22].

* سەرکەوتنی سوودانی لە مسۆگەرکردنی ویلایەتی دووەم، بە واتای تیرۆری سیاسیی هەندێك سەرکردەی شیعە دێت، بەتایبەت ئەگەر لە دەرەوەی ئەجێندای ئەوان پۆستەکەی بەدەست بهێنێتەوە و ببێتە خاوەن پرۆژەی نۆژەنکردنەوەی بەغدا و باشکردنی پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە[23]. ئەمەیش وا دەکات لە قۆناغی داهاتوودا هەوڵی لاوازکردن یان کۆنترۆڵکردنی زۆر قورس و ئەستەم بێت و، ئیدی ئەو نوێنەری خۆی دەبێت نەك چوارچێوەی شیعی.

**کۆبەند**

زانیارییە بەردەستەکانی پەیوەست بە هەڵبژاردنی 11/11ی داهاتوو، دەشێت ئەم ئەنجامانە بەدەستەوە بدات:

* هەڵبژاردنی 11/ 11/ 2025 وێستگەیەکی گرنگی دابەشکردنەوەی پۆست و پێگەیە لە عێراق، بەڵام چاوەڕوانیی گۆڕانکاریی ڕیشەیی و گەورەی لێ ناکرێت. هەرچەندە ئامادەکارییەکان ئاسایی بەڕێوە دەچن بەڵام هەر گرژییەکی هەرێمایەتی، بەتایبەت جەنگی ئیسرائیل_ ئێران دەشێت پرۆسەکە پەک بخات.

* ئامادەکارییەکانی ئەم هەڵبژاردنە و دوورخستنەوەکانی و لەمپەرەکانی، قورسترن لەوانەی پێش خۆی؛ بەهۆی ترسی هێزە شیعەکان لە ئەنجام و لە قۆناغی داهاتوو.

* نەخشەی هێزە سوننەکانی بەشدار لە پرۆسەکە لە سێ جەمسەری سەرەکیدا کۆ بووەتەوە کە تەقەدومی حەلبووسی و عەزمی موسەننا سامەڕایی و سیادەی خەمیس خەنجەرن. گوتاری ئەوانیش زیاتر بە شەقامی خۆیانەوە پەیوەستە.

* جەمسەرگیرییەکانی شیعە لە دەوری پۆستی سەرۆکوەزیرانە لە نێوان چوارچێوەی شیعیدا. لەمەیشدا سوودانی لەگەڵ مالیکی و هەندێك لەوانەیشی ئێستا لە حکوومەت هاوپەیمانن، لە ڕکابەریدایە.

* گوتاری تائیفی و ناوچەگەری، باڵی بەسەر کەشی هەڵبژاردنەکاندا کێشاوە. هۆکاری ئەمەیش نەبوونی پرۆژەی نیشتمانی و کۆکەرەوەیە.

* سەدر لە هەڵبژاردنەکەدا بەشدار نییە، بەڵام تارماییەکەی ئامادەیە.

* هەندێك ترس و نیگەرانیی شیعی هەن دەربارەی قۆناغی داهاتوو، لەوانەیش: پاشەکشەی کورسی و چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ دەرەوە لەگەڵ لاوازبوونی شەرعییەتی جەماوەری بەهۆی بایکۆتی دەنگدان.

* گۆڕاوە شیعی و سوننییەکان لێکەوتەیان لەسەر جۆری پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا دەبێت.

[1] https://2h.ae/tHUP

[2] https://2h.ae/gPWX

[3] https://2h.ae/paZw

[4] https://2h.ae/jhgww

[5] https://2h.ae/qhRQ

[6] https://2h.ae/Kknz

[7] https://2h.ae/cgSU

[8] https://2h.ae/PRJWu

[9] https://2h.ae/ahLD

[10] https://2h.ae/RqnH

[11] https://2h.ae/DslT

[12] https://2h.ae/DYMK

[13] https://2h.ae/DYMK

[14] https://2h.ae/SsvzU

[15] https://2h.ae/Txjl

[16] https://2h.ae/sKfl

[17] https://2h.ae/GtOL

[18] https://2h.ae/QATF

[19] https://2h.ae/GtOL

[20] https://2h.ae/vSZS

[21] https://2h.ae/dFvu

[22] https://2h.ae/AJfT

[23] https://2h.ae/uTWh